وانەی (٢٨)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور 141، ١٤٣ ، 145 ، 146) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "خودا سەرچاوەی هەموو زانینێکە "عیبرانیەکان٤: ١٣

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، "خودا سەرچاوەی هەموو زانینێکە "عیبرانیەکان٤: ١٣ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٧: ١٤ـ ٢٥

پێشەکی : پۆڵس لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ فێر دەکات کە جەنگی ڕۆحی وئەخلاقی لە نێو بازنەی هەموو باوەڕدارێکی ڕاستەقینەدا هەیە .
باوەڕدار دوو سروشتی هەیە : سروشتی گوناهەو سروشتی نوێ کە بەدەستی هێناوە لە لەدایکبونەوە نوێیەکەیدا . سروشتی گوناهەکەی سروشتە ڕاستەقینەکەی نیە لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات وهێزی هەیە وەك زیندانیەکی لێبکات . وە زۆرجار دەبینین باوەڕدار توشی گوناهەیەکی دیاریکراو دەبێت بەڵام زۆر بە پەرۆشە تاکو ئازاد بێت لەو گوناهەیە.

شەریعەتی ئەخلاقی ناتوانێ ئازادی بکات لەم هێز و گەندەڵیەیەی گوناهە ! پۆڵس بە ئەزمون دەریدەخات کە شەریعەت بەس نیە بۆ گەیشتن بە پیرۆزیی ! چونکە تاقە هیوا بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم ململانێیەدا لە نێوان سروشتی گوناهەو سروشتە نوێیەکەیدا نیعمەتی خوداوەند عیسای مەسیحە.

هەنگاوی ١ : بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٧: 14- 25 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢ : ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵێیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ٧: ١٤- ٢٠

<u>ئاشکراکردنی ١: ئەوەی شەریعەت ناتوانێ بیکات : لەگەڵ ئەوەی شەریعەت پیرۆزەو دادپەروەرەو ڕاستودروستەو چاکە ، بەڵام ناتوانێ وا لە باوەڕداران بکات پیرۆز بن و ڕاستودروست و چاك بن .</u>

أ. دوو لایەن هەیە لە سروشتی مرۆڤانەی باوەڕداراندا .

یەکێك لەم لایەنانە "جەستەیە" ڕۆما ٧: ١٨ ئەویش سروشتی گوناهەیانە ، بڕوانە ڕۆما ٧: ٢٢، ٢٥ هەروەها ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ وە سروشتی نوێیان نوێبوونەوەیان ؛ ڕۆما ٥: ١٧- ١٩ وە هەردوو سروشتەکە گوناهەو نوێیەکە لە هەمان گیان (ڕۆح) ی باوەڕدار دایە .

ب. باوەڕداران حەز دەکەن چاکە بکەن بەڵام لە بری ئەوە زۆرجار خراپە و تاوان دەکەن . بڕوانە ڕۆما ٧: ١٤- ١٥ وە ڕۆما ٧: ١٢ هەروەها ڕۆما ٦: ١٦ ڕۆما ٧: ١٤، ١٥، ٢٣ .

وە بەراوردی بکە بە فیلیپی ٣: ١٢- ١٤ وە مەتا ٥: ٤٨ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ١٤ .

ج. شەریعەتی ئەخلاقی ناتوانێ وا لە باوەڕدار بکات پیرۆز وڕاستودروست و چاک بێت .

بڕوانە ڕۆما ٧: ١٦- ٢٠ . دەرئەنجام شەریعەتی ئەخلاقی ناتوانێ یامەتیدەر بێت بۆ باوەڕدار لە ملمانێی نێوان سروشتە گوناهەکەی وسروشتە نوێیەکەیدا .

ڕۆما ٧: ٢١- ٢٥

ئاشکراکردنی ٢: ئەوەی شەریعەت ناتوانێ بیکات : لەگەڵ ئەوەی باوەڕداران چیژ وەردەگرن و ڕێ دەکەن بە پێی شەریعەتی خودای ئەخلاقی بەڵام تەنها نیعمەتی خودا تواناداڕە لە ڕزگارکردنیان لەو دەسەڵاتە ڕەهایەی سروشتە گوناهباریەکەیان .

أ. دەسەڵاتی ڕۆحی پیرۆز لەنێو باوەڕداراندا تەواوەتی و پڕ نیە .

پۆڵس لە ڕۆما ٧: ٢١- ٢٥ دەرئەنجامی کۆتایی پێشکەش دەکات ، ململانێی باوەڕدار لە نێوان سورشتی گوناهەی و سروشتە نوێیەکەی ئەوەی لە مەسیحدایە ، بەردەوام دەبن لە شەریعەتی ئەخلاقی خودا بڕوانە ڕۆما ٧: ٢٢ هەروەها ڕۆما ٧: ٢٣ بەراوردی بکە بە ڕۆما ٧: ١٥، ٢٣ ، ٢٤ . کە دەیبات بەرەو مردنی جەستەیی .

ب. بەردەوام عیسای مەسیح باوەڕدار ڕزگاردەکات لە کاری سورشتی گوناهە و هێزەکەی .

شەریعەتی ئەخلاقی لە خودی خۆیدا وا لە باوەڕداران دەکات زیاتر هەست بکەن بە دۆخی لاواز گەندەڵیان . ڕۆما ٧: ٢٤- ٢٥ ڕۆما ٦: ٦ ، ١٨ ، ٢٢ ڕۆما ٧: ٢٤ .

ج. دەبێت باوەڕدار بجەنگێ لەگەڵ سورشتە گوناهەکەیدا و کاربکات لەسەر دانانی دۆخێك بۆ کۆتایی هێنان بە گوناهەو تاوانەکانی .

دەرئەنجام : ململانێی باوەڕداران لە نێوان سروشتی گوناهەیانداو سروشتە نوێیەکەیان ، سروشتی ڕاستەقینەی باوەڕدار کە گوناهەیە هێزێکە باوەڕدار ناتوانێ لێی ڕزگار بێت چونکە ئەو خزمەتی ئەو سروشتە گوناهەیە دەکات بەشێوەی بەردەوام ودوبارە و دەبێتە کۆیلەی بەڵام سروشتی نوێی باوەڕدار هەروەها هێزێکە چونکە خودی ڕۆحی پیرۆزە تیایدا دەژی بۆیە ئەو هێزە زۆر خزمەتی شەریعەتی ئەخلاقی خودا دەکات وەکو کۆیلەی هەروەها . پۆڵس بڕوای وایە کە مەسیح ڕزگاری دەکات لەم دۆخەیدا . بۆیە لەسەر ئەستۆیەتی کە بجەنگێ لەگەڵ ئەو سروشتە گوناهەیدا و مردنی گوناهەکەی بە هێزی ڕۆحی پیرۆز بڕوانە ڕۆما ٨: ١٣ ، گەڵاتیە ٥: ١٦- ٢٦ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە
بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی

ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.
بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.
بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).
گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦

<u>پرسیاری ١ : ئەو قۆناغە کامەیە کە پۆڵس لەم بەشەدا وەك ئەزمونی کەسێتی خۆی پێناسەی دەکات ؟ ئایا ئەم ئەزمونە ئەزمونی مرۆڤێکە کە نوێبۆتەوە و سورشتی نوێی هەیە یان ئەزمونی مرۆڤێکە هێشتا نوێ نەبۆتەوە ؟</u>

تێبینیەکان .

هەندێك دەڵێن بەپێی ئەوەی لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ هاتوە ناکرێ پێناسەیەك بێت بۆ ئەو کەسەی کە نوێ بۆتەوە و دوبارە لەدایکبۆتەوە . ئەوان بیرۆکەی خۆیان لەسەر وشەکانی پۆڵس کە دەڵێ بەڵام من جەستەم بونیاد دەنێن ڕۆما ٧: ١٤ وە بەراورد بە ڕۆما ٧ لەلایەك و ڕۆما ٦ و ٨ لەلایەکی تر .

لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ پۆڵس پێناسەی ئەزمونی کەسێك دەکات کە دوبارە لە دایکبۆتەوە .

أ. پۆڵس ملکەچ وساکارەو ڕاستگۆیە سەبارەت بە ناخی خۆی .

١کۆرنسۆس ١٥: ٩ وە ئەفەسۆس ٣: ٨ وە ١تیمۆساوس ١: ١٥ ڕۆما ٧: ٢٤ هەروەها بڕوانە ١یۆحەنا ٣: ١- ٣ ؛ فیلیپی ٣: ٨- ١٤ .

ب. پێ دەچێ ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ پێناسەیەك بێت بۆ باوەڕدار نەك بێباوەڕ.

ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ پێناسەیەکە بۆ کەسێك دوبارە لەدایکبۆتەوە نەك مرۆڤێك لەدایک نەبووبێتەوە . هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٢: ٣ و بەراوردی بکە بە ڕۆما ٧: ١٤- ١٥ .

ج. جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ و ڕۆما ٧: ٥، ٩ .

ڕۆما ٧: ٥، ٩ پێانسەی کەسێك دەکات لە بێباوەڕەو دوبارە لەدایک نەبۆتەوە دەژی بە جەستە بۆ مردن ڕۆما ٧: ٥ بڕوانە گەڵاتیە ٥: ١٩- ٢١ هەروەها ڕۆما ٧: ٩ .

ڕۆما ٧: ٧- ١٣ پێانسەی کەسێکی بێباوەڕ دەکات کە دوبارە لە دایک نەبۆتەوە ئەم ئایەتە پێناسەی ئەزمونی پۆڵس دەکات پێش باوەڕەەکەی بە ماوەیەکی کەم وە لە ماوەی سەرەتای باوەڕیدا . گواستنەوە لە سەردەمی ڕابردوو لە ڕۆما ٧: ٨- ١٣ بۆ سەردەمی داهاتوو لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری ڕادیکاڵی لە مرۆڤێکی بێباوەڕ و لەدایکنەبوو بۆ مرۆڤێکی لەدایکبوو دوبارە بڕوانە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ پێناسەی پۆڵس دەکات وەك لاوازی باوەڕ و ململانێکەی تا لە جەستەدا بژی لەسەر زەوی !

د. هیچ دژبەیەک بونێك نیە لە نێوان ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ و ڕۆما ٦: ١٨، ٢٢ دا .

باوەڕی لەدایک بۆوە گوناهبارەو پیرۆزە لەهەمانکاتدا .

لەلایەکەوە باوەڕدار لە ژێر سایەی گوناهەدایە ڕۆما ٧: ١٤ واتە هێشتا لە سروشتی گوناهەدایەو کاریگەری بەسەر ژیانیەوە هەیە وەك ئەوەی ناتوانێ بە تەواوەتی بە شێوەیەك بژی بەتاڵ بێت لە گوناهە بڕوانە مەتا ٦: ١٢ ؛ ١یۆحەنا ١: ٨- ١٠ ؛ ٢: ١- ٢ چونکە تا ئێستا گەندەڵەو گوناهبارە و هێزێك هەیە هێزی گوناهە دەیەوێ زاڵ بێت بەسەریدا ڕۆما ٧: ٢١، ٢٣ ، ٢٥ . ئیدی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ئەو هێڕش دەکاتە سەر سروشتی باوەڕدارەکەو دژ بە ڕۆحی پیرۆزە کە تیایدا دەژی وە هەوڵ دەدات باوەڕدار بگەڕێنێتەوە بۆ شێوازی ژیانە کۆنەکەی ڕۆما ٧: ٢٣ بڕوانە گەڵاتیە ٥: ١٧ ، وە زۆرجار سورشتە کۆنەکە گوناهبارەکەی شەتیعەتی گوناهە وای لێدەکات بیکات بە دیل وکۆیلەی خۆی ڕۆما ٧: ٢٣ . بەڵام لەلایەکی ترەوە باوەڕدار کە مردوە یەکجار و بۆتاهەتایە سەبارەت بە گوناهە بوە بە ڕابردوو ڕۆما ٦: ٢ ئیدی تاهەتایە دەژی بە ڕاستودروستی و بێتاوان لە گوناهەدا ڕۆما ٦: ٧ ڕزگاری بوو لە گوناهە ڕۆما ٦: ١٨ ، ٢٢ ئیدی کۆیلەی خودایە ڕۆما ٦: ٢٢ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٦: ١١، ١٢ ، ١٣ ، ١٧، ١٩ ، ٢٣ ، وە ١پەترۆس ١: ١٥- ١٦ .

هـ . ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ وە ڕۆما ٨: ٧- ٨ بە تەواوەتی دوو دۆخی دژبەیەکمان پێشکەش دەکات .

مرۆڤی لەدایک نەبوو دوبارە : وەرگێڕان بۆ ئەم دەستەواژەیە لە ڕۆما ٨: ٧- ٨ بیرۆکەی جەستەییە کە دژ بە خودایە واتە بەردەوام یاخیەو ملکەچ ناکات بۆ شەریعەتی خودا لە سەردەمی داهاتوی بەردەوام . ئەوانەی لە جەستەدا دەمێننەوە ناتوانن ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنن لە سەردەمی داهاتوی بەردەوامدا .

مرۆڤی لە دایک نەبووی بێباوەڕ . لە جەستەدا دەژی واتە سروشتی گەندەڵە بۆیە لە دۆخی دژایەتیکردنی خودا دەبێت و هەرفگیز ملکەچ ناکات بۆ شەریعەتی خودا لە سەردەمی داهاتوی بەردەوام وە ناتوانێ

ملکەچ بێت بۆ شەریعەتی خودا لە سەردەمی داهاتوی بەردەوامدا ڕۆما ٨: ٧ .

مرۆڤی لەدایکبووی دوبارە: وەرگێڕان بۆ ئەم دەستەواژەیە لە ڕۆما ٨: ٥- ٦ ئەوەیە ئەوانەی بەردەوام دەژین بە پێی ڕۆحی پیرۆز بیریان ئاراستەیە بۆ کاروباری ڕۆحی لەس هردەمی داهاتوی بەردەوام بڕوانە ڕۆما ٧: ١٥ ، ٢٢، ٢٥ هەروەها ڕۆما ٨: ٧ .

ڕۆما ٧: ١٤

پرسیاری ٢: جیاوازی چیە لە نێوان ئەوەی مرۆڤ لە جەستەدا بێت یان ڕۆحی نەبێت ؟

تێبینیەکان .

أ. هەموو ئەوانەی باوەڕدار نین لە جەستەدان .

لە یۆنانیدا پێی دەوترێ سارکس بەوانەی بێباوەڕن و یەک سروشتی بێباوەڕیان هەیە کە گوناهەو گەندەڵیە و دەستی گرتوە بەسەریاندا و ڕۆحی پیرۆز تیاندا ناژی ڕۆما ٨: ٧- ١٠ ڕۆما ٦: ١٦ .

ب. هەموو ئەوانەی بێباوەڕن ڕۆحیی نین ئەوەی تایبەتە بە سروشتی مرۆڤانەیان و بەس .

شەریعەتی ڕۆحیی خودا لە یۆنانیدا بنوماتیکوس واتە سروشت و خواستی خودا دەردەخات کە پیرۆزی و دادپەروەری و ڕاستودروستی و چاکەن ڕۆما ٧: ١٢ .

هەروەە ابڕوانە ڕۆما ٧: ١٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ١، ٣ .

سروشتی نوێی باوەڕدار کە لە دەرئەنجامی دوبارە لەدایک بوونەوەیەتی پێی دەوترێ عەقڵ واتە عەقڵی باوەڕدار ڕۆما ٧: ٢٣ ئاماژەیە بۆ ئەوەی بیرو هۆشی عیسای مەسیحە یان شێوازی بیرکردنەوەی بە پێی عیسای مەسیحە بڕوانە ١کۆرنسۆس ٢: ١٦ وە ڕۆحی پیرۆز تیایدا دەژی بڕوانە

گەڵاتیە ٥: ١٧ وە ڕۆما ٥: ١٨ ؛ ٦: ٤- ٨ ؛ ١كۆرنسۆس ١: ٣٠ هەروەها زەبور ٥١: ١٠- ١١.

ج. هەموو باوەڕداران بوونە ڕۆحی وە لە كۆتاییدا پیرۆز دەبن بەتەواوەتی .

مرۆڤی ڕۆحی دەژی بە پێی خواستی خودا . بڕوانە ١كۆرنسۆس ٢: ١٥ وە گەشە دەكەن و پێدەگەن عیبرانیەكان ٥: ١٤ .

بڕوانە ڕۆما ٥: ٨ باوەڕداری گوناهبارو شكۆدار پێش لەدایكبونەوەی مرۆڤ گوناهبارە بە/لاّم دوای لەدایكبونەوەی دەبێتە پیرۆزێكی گوناهبار ڕۆما ٧ . لە كۆتاییدا دەبێتە باوەڕدارێكی ڕاستەقینەو پیرۆزێكی شكۆدار . ڕۆما ٨: ٣٠ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١- ٣ گەڵاتیە ٥: ١٦- ١٨ .

ڕۆما ٧: ١٤

پرسیاری ٣: جیاوازی چیە لە نێوان ئەوەی مرۆڤ كۆیلەی گوناهە بێت یان وەك كۆیلە فرۆشرابێت بە گوناهـ ؟

تێبینیەكان .

أ. مرۆڤ پێش لەدایكبوونەوەی دوەمی كۆیلەی گوناهە . ڕۆما ٦: ٦، ١٦ ، ١٧ ، ١٩ وە بڕوانە ١پاشیان ٢١: ٢٠ ؛ ٢پاشایان ١٧: ١٧ وە ڕۆما ٨: ٧- ٨ .

ب. مرۆڤ و فرۆشتنی وەك كۆیلەی گوناهە دوای لەدایكبونەوەی دوەمی و لە دۆخی سروشتە نوێیەكەیدا . ڕۆما ٦: ١٨ ، ٢٢ هەروەها ڕۆما ٦: ٦، ١٦ ، ١٧ ، ١٩ .

دۆخی مرۆڤ كە وەك كۆیلە فرۆشرابێت بە گوناهە دەبێتە تاقیكردنەوەی باوەڕدار بە درێژایی ژیانی لەسەر زەوی . ڕۆما ٧: ١٤ . لە یۆنانیدا پێڕپرامینۆس ئوپۆ تێن ئەمارتیان وەك كۆیلە فرۆشرابێت بە گوناهە لەسەردەمی ڕابردوی تەواو پیپراسكۆ نەك كۆیلەیەكی فرۆشتبێ بە

گوناهه هەروەها کۆیلە لە دەقی یۆنانیدا چۆن پێی بوترێ لە دۆخی باوەڕداری دوبارە لەدایک بۆوە ؟

باشترین شرۆڤە لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ وە گەڵاتیە ٥: ١٦- ٢٦ دایە .

گەڵاتیە ٥: ١٦- ١٧ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە گەڵاتیە ٥: ١٩- ٢١ ؛ ڕۆما ٧: ٥ وە گەڵاتیە ٥: ٢٢- ٢٥ ؛ ڕۆما ٧: ٤ وە گەڵاتیە ٥: ٢٤ بەراورد بکە بە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٦ . وە بڕوانە ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ .

ئیدی بەم شێوەیە ڕۆما ٧: ١٤ فێر دەکات کە باوەڕدار وەك کۆیلە فرۆشراوە بە گوناهە وە ڕۆما ٧: ١٤ ئەو بە پێی شەریعەتی گوناهە دەڕوات وە ڕۆما ٧: ٢٣ ملکەچی سروشتی گوناهەیە وە نواتوانێ لێی رزگار بێت ڕۆما ٥: ١٥ لە تاقیکردنەوەو ململانێدایە لە ڕوی ڕۆحی و بیرو ئەخلاقیەوە ، وە بڕوانە ڕۆما ٧: ١٧ – ١٨ ، ٢٣ .

بەڵام گەڵاتیە ٥: ٢٢- ٢٥ وە ڕۆما ٨: ١٢- ١٤ فێر دەکات کە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە کە تیایدا دەژی دەتوانێ بەروبومی گوناهە بمرێنێت بە هێزی ڕۆحی پیرۆز و بە خواستی خودا بژی .

ڕۆما ٧: ٢٤

پرسیاری ٤: جیاوازی چیە لە نێوان جەستەی گوناهەو جەستەی مردن ؟

تێبینیەکان .

پۆڵس چوار دەستەواژە بەکار دەهێنێت و گرێی دەدا بە جەستەوە لە ڕۆما ٦: ٦ جەستەی گوناهە و لە ڕۆما ٧: ٢٤ جەستەی مردن و لە فیپی جەستەی کەساس یان داماو وە جەستەی شکۆدار .

أ. جەستەی گوناهە ڕۆما ٦: ٦ . هەروەها بڕوانە ڕۆما ٦: ٦، ١٨ ، ٢٢ .

ب. جەستەی مردن ڕۆما ٧: ٢٤ .

بڕوانە شەریعەتی گوناهە ٧: ٢١، ٢٣ .

ج. جەستەی کەساس یان داماو فیلیپی ٣: ٢١ .

هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٦ .

د. جەستەی شکۆدار فیلیپی ٣: ٢١ ئەو جەستە شکۆدارەیە کە باوەڕدار دوای هەستانەوەی لە مردن دەیبێت تەنها لە هاتنەوەی دووەمدا عیسای مەسیح هێزی تەواوی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئەم گۆڕانکاریە جەستەی کەساس بۆ جەستەی شکۆدار ، ئیدی جەستەیان وەك جەستەی شکۆداری مەسیح دەبێت کە هەستایەوە .

هەنگاوی ٤: **پەیڕەوی بکە**. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١ـ نمونە لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ٧: ١٤ـ ٢٥ .

٧: 14 : لێکۆڵینەوە لە شەریعەتی ئەخلاقی خودا (ئەوەی دە ڕاسپاردەکە لە خۆ دەگرێ) چونکە گوزارشێکە لە سروشتی خودا لە شێوەی ڕاسپاردە ، ئەو ڕۆحیە واتە پیرۆزو ڕاستودروست و دادپەروەر و چاکە.

٧: ١٥، ٢٣ : بێهیوا مەبە کاتێ تاقی دەکرێیتەوە لە جەنگی ڕۆحی و ئەخلاقیدا بە بەردەوامی لە نێوان سروشتی گوناهەو سروشتە نوێیەکەتدا ئەم جەنگە بەڵگەیە لەسەر دوبارە لەدایکبوونەوەت.

٧: ١٧ : بزانە کە هیچ چاکەیەك نیە نیشتەجێ بێت لە سروشتە گوناهەکەتدا بۆیە هیچ گوناهەیەك تاقی مەکەوە بە سروشتە گوناهەکەت .

٧: ٢٤ : دڵنیابە بە تەواوی کە عیسای مەسیح تیاتدا نیشتەجێیە لە جەستەتدا بە ڕۆحی پیرۆز و دەتوانێ ڕزگارت بکات بە بەردەوامی و دەسەڵاتدار بێت بەسەر سروشتە گوناهەکەتدا .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ . دەزانم کاری سروشتە گوناهەکەم بەهێزەو پاڵم پێوە دەنێ تاکو ئەو کارانە بکەم کە ڕقم لێیەتی و نامەوێ . لەگەڵ ئەوەشدا من بەرپرسیارێتی تەواوم لە ئەستۆدایە لەبارەی ئەو گوناهانەی دەیکەم . دەزانم سروشتی گوناهەم لەسەرووی توانامدایە هەروەها لەسەرووی توانای شەریعەتی خودایە و سورشتە گوناهەکەم لەگەڵمدا دەمێنێتەوە تا لە ژیاندا بم من دڵنیام بە تەواوەتی سروشتی گوناهەم گەندەڵە و بەردەوام دەبم بەوەی دان بنێم بە گوناهەکانمدا و تۆبەیان لەسەر بکەم .

ب. دەزانم و دانی پیادەنێم کە ناخم لاوازەو بەرگری سروشتە گوناهەکەمی پێ ناکرێت بۆیە وەکو پۆڵس چاوەڕوانی ئەوە دەکەم بە پەرۆشیەوە تاکو ئازاد بم لەو دەسەڵات وسروشتە گوناهەیە بە هێزێك کە

لەدەرەوەی خۆمە وە دەزانم و دانی پیادەنێم من پێویستم بە عیسای مەسیحە تاکو پیرۆزم بکات ، نیعمەتی خودا کە لە عیسای مەسیحدا دەرکەوتوە لە ئێستادا دەسەڵاتی هەیە بەسەر سروشتە گوناهەکەمدا بە تەواوەتی وە لە ئایندەدا بە تەواوەتی ئازادم دەکات بەیەکجاری لە سروشتی گوناهەم .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە پەندەکان ١، 3 ،٤، 5. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : خودا تواناداڕە بەتەواوەتی : یەرمیا ٣٢: 17 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی هاوڕێی داکۆکیکار لە لۆقا ١١: ٥- ١و نمونەی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە لە لۆقا ١٨: ١- ٨ ئامادە بکە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .